



# شەممەیەکی جیاواز

## خوێندنەوەی کتێبی "ئەمڕۆ شەممەیە ئەگەر هیچ کێشەیەک ڕوو نەدات"(١).

**حسێن لەتیف**
**(دەربەندیخان)**

١

ئەگـەر فەلسـەفە خسـتنە ڕووی بیرۆکـە بێـت لـە بـارەی جیهانـی «هەبوو»ـەوە، ئـەوە شـیعر خسـتنەڕووی وێنەیـە لەبـارەی جیهانـی «خود»ـەوە. هەمـوو خودێـک جیهانێکـە بـۆ خـۆی، جیهانێکیشـە لـە خۆیـدا. خـود جیهانـی خـۆی بنیـاد دەنێـت، کاتێکیـش بمانەوێـت لـە خـود تێبگەیـن، ئـەوە ئێمـە لـە هەوڵـی تێگەیشـتن لـە جیهانێکدایـن. فەیلەسـووف لـە ڕێـگای تێڕامـان و پرسـیار و گومانـەوە، بیرۆکەکانـی سـەبارەت بـە بـوون و هەبـوون دەخاتـە ڕوو. شـاعیر لـە ڕێگـەی بەکارهێنانـی نائاسـاییانەی زمانـەوە وێنەکانـی لەبـارەی جیهانـی «خود»ـەوە دەخاتـە ڕوو.

خاڵـی هاوبەشـی نێـوان فەلسـەفە و شـیعر، زمانـە. «ئـەوەی مـرۆڤ بـە زمـان دەری دەبڕێـت بیرۆکەیـە و ئاماژەیـە بـۆ شـتێک لـە دەرەوەی خۆیـدا» (٢). ئـەوەی شـیعر دەری دەبڕێـت وێنەیەکـە لـە نـاو خۆیـدا، یـان لـە دەرەوەی خۆیـدا.

بەشـدار سـامی شـاعیرە، چونکـە وێنـە لـە بـارەی جیهانـی خۆیەوە دەخوڵقێنێـت، بـۆ سـەلماندنی ئـەو بۆچوونەشـمان لەناوونیشـانی کۆمەڵـە شـیعرەکەیەوە بـەرەو نـاو جیهانـە شـیعرییەکەی گەشـت دەکەیـن.

ناوونیشـان لای بەشـدار سـامی هەڵگری بڕێکی زۆر لە شـیعرییەتە، دەکرێـت هـەر ناوونیشـانێکی لـە جـۆری ئـەم کۆمەڵـە شـیعرە، وەک دەقێـک بخوێنرێتـەوە. شـیعرییەتی ناوونیشـان، خوێنـەر بـەرەو شـیعریەتی دەقـەکان دەبـات، چونکـە ناوونیشـانەکە بوونێکـی شـیعریی هەیـە.

شـەممە، یەکـەم ڕۆژی هەفتەیـە، دەسـتپێکێکی نوێیـە، کاتە، بەڵام ئەگـەر هیـچ شـتێک ڕوونـەدات، ڕستەکە مەرجدارە، بـەوەی ئەگـەر

هیچ ڕووداوێک نەقەومێت. ئامرازی «ئەگەر»، ئێمە دەخاتە بەردەم دوودڵی و گومانەوە، چونکە ئەگەر شتێک بقەومێت، ڕۆژەکە نائاسایی دەبێت. هەڵبژاردنی ناوونیشانێکی لەو جۆرە بۆ کۆمەڵە شیعرێک ئێمە دەخاتە بەردەم قەومانێکەوە، قەومانەکەش ئەوەیە بە پێچەوانەی ناوونیشانی کۆمەڵە شیعرەکانی شاعیرەوە وەک «سبەی ڕۆژێکی دیکەیە» و «ڕۆشتن بە ئاراستەی مردووە بەرێزەکان» و «گەردەن زەردێ»وە، چونکە یەکەم ناوونیشان ڕستەیەکی هەواڵییە، دووەم گرێیە، سێیەم وەسفە. ئەگەر ناوونیشانی یەکەم کۆمەڵە شیعری بەشدار سامی هەواڵدان بووبێت لە بارەی ئەوەی سبەینێ ڕۆژێکی جیاواز دەبێت، ئەوە ناوونیشانی «ئەمڕۆ شەممەیە ئەگەر هیچ کێشەیەک ڕوو نەدات» خوێنەر دەخاتە بەردەم مەرجدارکردنی ئەمڕۆ، بەوەی ئەگەر هیچ ڕووی نەدا، ئەوە شەممەیە، بەڵام لەناوەوە زۆر شت ڕوو دەدەن، ئازار، تەنیایی، لە بیرچوونەوە، گریان، هەموو ئەو شتانەی ڕوودەدەن، دەبنە ڕووداو لە زمان و لە ئەندێشەدا و دواجار شیعر بەرهەم دەهێنن. شەممە ڕۆژێکی ئاسایی هەفتەیە بە گوێرەی ڕۆژژمێری ئایینی، بەڵام ڕۆژێکی پڕ ڕووداوی زمانییە، لە دنیای شیعری (بەشدار سامی)دا.

٢

خود، چەقی شیعری (بەشدار سامی)یە، یادەوەری و لەبیرچوونەوە، ئازار، سێ تێمای سەرەکی شیعری ئەون. وتنی ناباو، لە تایبەتمەندیی جیهانی شیعری ئەوە، لە ڕێگەی وتنە ناباوەکانییەوە وێنە شیعرییەکانی خۆی دەخوڵقێنێت. بەو شێوەی یادەوەری و لەبیرچوونەوە و ئازار هی خوێن، زمانیش هی خۆیەتی. شاعیربوون، یانی بەکارهێنانی جیاوازی زمان.

٣

شیعر قسەکردن نییە لە بارەی خەونەوە، لە بارەی ڕۆشنبوونەوەوە، بەڵکوو نووسینەوەی خەون و ڕۆشنبوونەوەیە.

نووسینەوەی حاڵەتە دەروونی و ویژدانییەکان، بە زمانهێنانیان، زمان پێ بەخشینیان، ڤیزای پەڕینەوەیە لە دەقەوە بۆ دەقی داهێنەرانە. لە جێگەی تردا جیاوازی نێوان دەق و دەقی داهێنەرانەمان ڕوون کردووەتەوە، «چونکە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانیش دەقە، بەڵام دەقی داهێنەرانە نییە، دەقی داهێنەرانە» (٣)، لە سەرووی شوێنکاتەوەیە، هەڵگری پرسیار و ڕاڤەی جیاوازە .

٤

پەیڤین لەبارەی ئازارەوە، وشە خەرجکردنە، ئەگەر نەمانتوانی لە ڕستەدا جێکەوتی شیاو بۆ «ئازار» بدۆزینەوە. نووسین هەڵڕشتنی زوخاو نییە، بەڵکوو زمان بەخشینە بە ئازارێک کە هەمانە. ئەوەی شیعر لە ناشیعر جیادەکاتەوە دۆزینەوە و بەخشینی ئەو جێکەوتەیە، ئەوەش دەرچوونە لە «وتنی باو» بەرەو «وتنی ناباو». خراپ نییە ئەگەر نموونەیەک لە وتنی ناباو لەم کۆمەڵە شیعرە بە نموونە نیشانی خوێنەر بدەین:

**گەڕان بە دوای کەسێکدا**
**خۆزگە هاوڕێییەکم دەبوو**
**شیعرێکم دەنووسی**
**تا بۆی بخوێنمەوە...ل٥٢**

ئەم وێنە شیعرییە، باس لە تەنیایی شاعیر خۆی دەکات، بەڵام بە ناڕاستەوخۆیی، لەکاتێکدا ئێمە بەر دەیان وتنی ناشیعریی دەکەوین باس

لە تەنیایی خاوەنەکانیان دەکەن، لە دەست تەنیاییەکەیان دادوبێدادیانە، هاوار دەکەن ئەوان تەنیان، بەڵام شیعر هاوارکردن نییە بە دەنگی بەرز و ڕاستەوخۆ بەیانکردنی حاڵی خۆ نییە، بەڵکوو وتنە بە ناباوی، وەک دەبینین بەشدار پێمان دەڵێت، ئەو تەنیایە، بەبێ ئەوەی وشەی من تەنیام بەکار بهێنێت، بەبێ ئەوەی وێنەی تەنیایی وەک دۆزخ بخاتە ڕوو، بەڵکوو دەخوازێت، هاوڕێیەکی هەبێت، شیعرێک بنووسێت و بۆ هاوڕێکەی بخوێنێتەوە:

**ئێستا، هەوا ساردە، من زستانم**
**ئێستا، هێندە ئازارم،**
**هاواریکەم دراوسێکانم بە کۆمەڵ ڕادەکەن...٢٩**

شاعیر، یان خاوەنی ئەو دەنگەی لە شیعرەکەدا دەیبیستین، نایەوێت ڕاستەوخۆ پێمان بڵێت ژیانی ئەو ساردەو بە کەڵک نایەت، بەڵکوو دەڵێت: «من زستانم»، هەر وشەی زستان خۆی بەسە بۆ ئەوەی تێمان بگەیەنێت کە ژیانی ئەو ساردوسڕە. ئەگەر لە بریتی وشەی «من زستانم»، بینووسیبا «من سەرمامە» ئەوە هەر بەر دەربڕینێکی ئاسایی و ڕۆژانە دەکەوتین، ئەو وێنە شیعریەش دروست نەدەبوو بەهۆیەوە لە حاڵی ئاخێوەرەکە بگەین. وەختێک دەڵێت: «من زستانم» منی خوێنەر هەست بە سەرمایەک دەکەم لە جەستەی خۆمدا، لە ژیانی خۆمدا. دەربڕینی لە جۆری «من زستانم» و «من ئازارم» پێمان دەڵێت خاوەنی ئەو دەنگە هەموو بوونی دەئێشێت، بەڵام کاتێک باسی سەرما و نەخۆشییەکەی دەکات ئەوەی لە بیر ناچێتەوە کە ئەو خەریکی شیعر نووسینە. زمانی تووشی وشە بەریوون نایەت، بەڵکوو بەجۆرێک لە جۆرەکان سەروکاری لەگەڵ ئابووری زمان و وشەدا هەیە. ئازار و سەرما ناتوانن بیکەن بە شاعیرێکی مەسرەفگەرای وشە. وشە لە جێکەوتی گونجاوی خۆیدا بەکاردەهێنێت.

٥

شیعرنووسین بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی پێوەندی مرۆڤە بە جیهانەوە، بە مەرجێک شاعیر بینووسێت، ئەو کاتەی زمان بە «ئازار»، یان « نیگەرانی»یەکانمان دەبەخشین، ئەوە لە هەوڵی پاراستنی ئەو هاوسەنگییەداین لەگەڵ جیهاندا هەمانە و بەرەو لاسەنگبوون دەڕوات، شیعر لە تواناییدایە ئەو پێوەندییە ڕێک بخاتەوە.

٦

مرۆڤ بە کەرەستە دەژیت، ئەوەی جیهان دەخوڵقێنێت، شاعیرەکانن. شیعر هونەرە و شاعیرەکان هونەرمەندن، هەریەک لە هیگڵ و هایدیگەریش شیعر وەک هونەر دەبیننەوە، کەواتە شاعیر هونەرمەندە، هونەرمەند کەرەستەکان دەگۆڕێت بۆ شتێکی جیاوازتر لەوەی کە هەیە، بۆ نموونە بەرد دەگۆڕێت بۆ پەیکەر، کاتێک ئێمە لە بەردەم پەیکەرێکدا دەوەستین و لێی ورد دەبینەوە، وەک بەرد نایبینین، بەڵکوو وەک هونەر دەیبینین، هونەر بەخشینی شێوە و شوناس و وەزیفە و دەلالەتی جیاوازە بە کەرەستەکان. هونەرمەند لە پرۆسەی گۆڕانکاری لە جەوهەری کەرەستەکاندا، جیهانی خۆی بنیاد دەنێت. هایدیگەر بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە تابلۆی «پێڵاوەکانی جووتیارێک»ی هونەرمەندی شێوەکار ڤانکوخ بە نموونە دەهێنێتەوە. ئەو کەرەستەیە کە پێڵاوە، بەکاردەهێنرێت، سوودی هەیە، بەڵام کاتێک کراوە بە تابلۆ، چیتر کەرەستە نییە، بەڵکوو ئاماژەیە بۆ جووتیارێک خەریکی ئیشی کێڵگە و چاندنە، دەبێتە ئاماژە بۆ جووتیارێک سەرقاڵی بنیادنانی جیهانە.

٧

کەرەستەی شاعیرەکان زمانە، ئەوان دەربڕینەکان لە باری ئاساییەوە بەرەو نائاسایی دەبەن، بۆ ئەوەی ڕەهەندی نوێ و جیاوازی پێ ببەخشن، لە مانا فەرهەنگییەکان ڕزگاری دەکەن، بە هۆیەوە جیهان بنیاد دەنێن. هونەرمەندەکان ماڵی خۆیان بنیاد دەنێن، شێوەکارەکان لە ڕەنگدا، مۆسیقارەکان لە ئاوازدا، شاعیرەکان لە زماندا، هەر بۆیەش هایدیگەر دەڵێت: (زمان ماڵی بوونە) (٤) ماڵی شاعیرەکان لە زماندایە، شاعیر بەردەوام بە دوای دروستکردنی ئەو ماڵەوەیە، بەو شێوەی مرۆڤ بەبێ ماڵێک لە کەرەستە و مەتریاڵ بۆشاییەک لە ژیانیدا هەیە، شاعیرەکان بەبێ ماڵێک لە زماندا ناتوانن ببنە خاوەنی شوناسی شاعیربوون.

٨

مرۆڤ لە بەردەم سێ جۆری هونەردایە، هونەری دەستی، بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ڕۆژانەیە، هونەرە جوانەکان بۆ وەڵامدانەوەی چێژەکانە، هونەری سێیەم ئەو هونەرەیە مرۆڤ بەهۆیەوە جیهان بنیاد دەنێت، دەستکاری بوون دەکات، بۆ ئەمەش پێویستە مرۆڤ «نیگەرانی»، یان «ئازارێک»ی هەبێت، هونەرمەند شاعیر، کەسێکە نیگەران، بوون وەک تابلۆیەکی ناتەواو دەبینێت، دەیەوێت خۆی ئەو ناتەواوییە پڕبکاتەوە، بوون بە شێوازی خۆی دابڕێژێتەوە.

٩

هەر شاعیرێک جیهان بە شێوەی خۆی بنیاد دەنێت، بۆیە ئێمە لە بەردەم زیاد لە جیهانێکداین، چونکە بوون زیاد لە شاعیرێکی تێدایە، بەم مانایەش ئێمە لە بەردەم زیاتر لە نیگەرانییەکداین، لە بەردەم زیاتر لە پرۆژەیەکی بنیادنانی جیهانداین، جیهانی هەر شاعیرێک، خودی شاعیرەکەیەتی.

١٠

شاعیر لە بارەی جیهانەکەیەوە قسە ناکات، بەڵکوو بنیادی دەنێت.

١١

یادەوەریی، لە بیرچوونەوە، ئازار، سێ تیمای سەرەکی شیعری (بەشدار سامی)ن، کە لە شوێنکاتدا ڕوودەدەن. شوێنکاتەکەش شار و شەوە «شار لە نیوەشەودا». یادەوەری مرۆڤ ئەگەر بریتی بێت لەو ئەزموونە تاکەکەسییانەی کە تێیاندا ژیاوە، ئەوە ئەو یادەوەرییانە پێویستیان بە شوێنکاتێک هەیە بۆ ئەوەی تێیدا دەربکەون. یادەوەرییەکانی بەشدار سامی، لە شاردا، لە نیوەشەودا، ڕوو دەدەن. هیچ ئاماژەیەک نییە بۆ ئەوەی ئەو شارەی مەکۆی یادەوەرییەکانیەتی، شارێکی هاوچەرخ بێت، بەپێچەوانەوە دوورە لە جەنجاڵی و ژاوەژاو و قەرەباڵغی پیادەڕۆ و ئۆتۆمبێل، بەڵکوو شارێکی ئارامە، شارە و هیچ شتێک خاوەنی دەنگە شیعرییەکە بێزار ناکات، هەڵبژاردنی کاتەکەش «نیوە شەو»ـە، کاتەکە لە نێوان نیوەشەو و بەرەبەیاندایە، کاتێکی گونجاوە بۆ تێڕامان، بۆ بیرکردنەوە و پرسیار. مرۆڤ پێویستی بە یادەوەرییە، بەبێ یادەوەری دەتوانێت بژیت، بەڵام بەبێ یادەوەری سەرمای دەبێت:

**شۆستەکان، نیوەتەڕ، نیوە تاریک**

**بیرەوەری ئەو مرۆڤانەن کە ئەو شارەیان**

**لە بیر کرد، بەڵام**

**مرۆڤ بەبێ بیرەوەری هەمیشە سەرمایەتی**

**ئەوان کە ڕۆیشتن، لە کوێ دەلەرزن؟...ل١٢**

مێژووی شار، مێژووی یادەوەری مرۆڤەکانیەتی، مێژووی لە بیرچوونەوەکانیەتی، مرۆڤ هێزی بەڕێ کردنی ژیان لە ئێستا و لە ئایندەدا، لە یادەوەریەکانییەوە وەردەگرێت، شاریش ئەو

دەرفەتـەی پـێ بەخشیوە، ئەگـەر یـادەوەری لـە بیرچوونـەوە، دووالیـزم، یـان دژیـەک بـن، ئـەوە مـرۆڤ و شـار دووانەیەکـن بەبـێ یەکتـر تووشـی دڵەڕاوکـێ دەبـن، هـەر بۆیـە دەنگـە شـیعرییەکەی کـە دەیبیسـتین لێمـان دەپرسـێت:

**ئەوان کە ڕۆیشتن، لە کوێ دەلەرزن؟**

مـرۆڤ لـە شـیعردا، پێچەوانـەی پێناسـە باوەکانـە، وەک ئـەوەی مـرۆڤ ئاژەڵـی ڕامیـاری، یـان ئاژەڵـی قسـەکەرە، بەڵکوو بوونەوەرێکی خـودان یادەوەرییە، شوناسـێک شـاعیر بـە مرۆڤـی دەبەخشـێت، جیـاوازە لـە شوناسـێک فەیلەسـووف بـە مرۆڤـی دەبەخشـێت. دەتوانێـت شـارەکەی بـە هەمـوو شۆسـتە و شـەقامەکانییەوە لـە یـاد بـکات، بـەڵام ژیانـی لاسـەنگ دەبێـت، چونکـە لـە شـاری تـردا خـودان یادەوەری نییـە، یـادەوەری پرۆسـەیەکی دوورودرێـژە، لـە یادکردنـی شۆسـتە و شـەقامەکان، واتـە لـە بیرکردنـی ئـەو مێـژووە. ئەگـەر شیعر (گەڕاندنـەوەی منداڵـی بێـت بـۆ ئێسـتا) وەک بۆدلێـر گوتوویەتـی، ئـەوە شـیعر لای بەشـدار سـامی دەسـتگرتنە بـە یادەوەرییـەوە.

۱۲

بەشـدار سـامی، دەخوازێـت، شـتەکان تەنیـا کەرەسـتەی بێگیـان نەبـن، بـۆ ئـەوەش دێـت و ژیانیـان پـێ دەبەخشـێت، شـەقام، بوونێکـی بـێ ڕۆحە،هەسـت بـە ئـازار نـاکات کـە بەسـەریدا دەڕۆیـن، شـتێکی نییـە تـا لەبیری بچێتـەوە، بۆیـە شـەقام «هەبـوو» نییـە، وەلـێ کاتێـک شـاعیر دێـت و دەنووسـێت:

**شەقامەکان تۆیان لەیادە**

**کە سەرخۆش دەبوویت...ل١٤**

ئیتـر شـەقام، فۆرمێکـی ئەندازەیـی نییـە، ڕێگایـەک نییـە بەتەنیـا بـۆ ڕۆیشـتن، بەڵکـوو دەلالەتـی تـر وەردەگرێـت، دەلالەتەکـەش ئەوەیـە دەبێتـە پارێـزەری چیرۆکـی کەسـێکی مەسـت و دەردەدار.

**ئاگر تۆی لەبیر دەمێنێتەوە...ل١٣**

**تۆی لەیادە ژوورەکەت ..ل١٥**

**تاریکی تۆی لەبیر دەمێنێتەوە...ل١٥**

**تۆ ژوورەکەت فەرامۆش کرد، بەڵام**

**پێخەف تۆی لەبیر دەمێنێتەوە...ل١٦**

**زستان تۆی لەیاد دەمێنێتەوە..ل١٦**

**بەڵام سەگەکان ئەو شەوانەیان لەبیر دەمێنێتەوە.. ل١٦**

**ئازار تۆی لەبیر دەمێنێتەوە...ل١٧**

ئاگـر، ژوور، پێخـەف، وەرز، سـەگ، کات، هەموویـان یادەوەریـان هەیـە، سـەرەڕای ئـەوەی دەنگـە شـیعرییەکە هەمـوو ئەو شـتانە لەبیـردەکات و دەیەوێـت ڕزگاری ببێـت لێیـان، بـەڵام کەرەسـتەکان، کات، شـوێن، هەرهەموویـان هەڵگـری یـادەوەری مرۆڤێکـن کـە فڕیدراوەتـە بوونـەوە، بـەڵام ئـەو مرۆڤـە جیهانـی خـۆی لـە ڕێگـەی زمانـەوە، بنیـاد دەنێـت کـە ڕەگـەزە پێکهێنەرەکانـی بریتیـن لـە یـادەوەری، لـە بیرچوونـەوە، ئـازار.

کۆجیتـۆی فەلسـەفی دیـکارت (مـن بیـر دەکەمـەوە کەواتـە مـن هـەم)، بیرکردنـەوە دەکات بـە جەوهـەری مـرۆڤ «مـرۆڤ ئـەو جەوهەرەیـە تـا بیر بکاتـەوە هەیـە، بوونـی لەسـەر بیرکردنـەوە ڕادەوەسـتێت. بیرکردنـەوە دەبێـت بـە پێشـمەرجی بوونـی» (٥). پێـش مەرجـی ژیـان لای شـاعیر، یادەوەرییـە، لـە بیرچوونەوەیـە، ئـازارە. مـن یادەوەریـم هەیـە، مـن شـتم لەبیـر دەچێتـەوە، مـن ئـازار دەچێـژم، کەواتـە مـن هـەم، کەواتـە یـادەوەری و لـە بیرچوونـەوە و ئـازار، بنەڕەتـی پێشـمەرجی بنیادنانـی جیهانێکـی شـیعرین. ئەگـەر بیرکردنـەوە جەوهـەری مـرۆڤ بێـت، ئـەوە ئـازار جەوهـەری شـاعیرە، دەشـێت هەمـوو مرۆڤێـک ئـازار

بچێژێت، بەڵام هەموو خودان ئازارێک شاعیر نییە، چونکە شاعیر دەتوانێت وێنەی شیعریی لەبارەی ئازارەوە بخاتە ڕوو.

١٣

هونەر دروستکردنی جیهانە لە کەرەستەکان، نە هونەرە دەستییەکان و نە هونەرە جوانەکان، چونکە هونەرە دەستییەکان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانن، هونەرە جوانەکان بۆ چێژن، هونەر بە مانا هایدیگەرییەکەی هاوتای فەلسەفەیە، هەڵگر و بەیانکەری حەقیقەتە، هونەرمەند سەرچاوەی کارە هونەرییەکەیەتی، هونەریش جیهانی هونەرمەندەکەیە، لەیەکتر جیانابنەوە.

هایدیگەر لە کتێبی «بنەڕەتی کاری هونەریی» (٦) دا باس لە دوو لقی هونەر دەکات، هونەری شێوەکاری و هونەری پەیکەرتاشی. هونەرمەند جیهانی هونەریی خۆی لە کەرەستە دەخوڵقێنێت، ئەمەش مەبەستی لەوەیە شتەکان دۆخی شتبوون، کەرەستەبوون، تێدەپەڕێنن و دەبنە بەشێک لە پێکهاتەی جیهان . هونەر پرۆسەی گۆڕینی کەرەستەکانە لە شتبوونەوە بۆ ژیان. هایدیگەر شیعریش بە هونەر دەبینێتەوە، مادام وایە شاعیریش هونەرمەندە، شیعریش بەیانکەری حەقیقەتە. حەقیقەتی شیعری بەشدار سامی، بەیانکردنی یادەوەری و ئازار و لە بیرچوونەوەیە.

لە جیهانی شیعری ئەم شاعیرە ژیان بوونێکی ئازاراوی هەیە، ئەو بوونە دەبێتە یادەوەری، جیهان بە هەموو شتەکانی ناوخۆیەوە، بە مرۆڤ و شوێن و وەرز و تەختەخەوەوە، دەبنە یادگە و یادەوەری بۆ یەکتری، لە خوێندنەوەی ئەم کۆمەڵە شیعرەوە دەگەینە ئەو قەناعەتەی بڵێین:

ئازار و یادەوەری و لە بیرچوونەوە، گەنجینەیەکی قووڵ و لە بنەهاتووی داهێنانن، لە ناو جیهانی شیعری (بەشدار سامی)دا. ئەوەی کە گرنگە لێرەدا بوونی ڕوانگە و پرۆژەی بوونگەریانە و تێڕوانینە بۆ ژیان، بەبێ هەبوونی ڕوانگەیەکی قووڵ، دەقنووس ناتوانێت قووڵ بنووسێت.

**ئەگەر لە بارەی یادەوەرییەوە دەنووسیت،**
**ئەگەر لە بارەی لەبیرچوونەوەوە دەنووسیت،**
**ئەگەر لەبارەی ئازارەوە دەنووسیت ،مەنووسە؛**
**ئازار خۆی،**
**یادەوەریی خۆی،**
**لە بیرچوونەوە خۆی بنووسەوە،**
**ئەگەر توانیت.**

**سەرچاوە:**

(١) بەشدار سامی، ئەمڕۆ شەممەیە ئەگەر هیچ کێشەیەک ڕوونەدات، بڵاوکراوەکانی باڵندە، ساڵ ٢٠٢١.

(٢) محەمەد کەمال، فەلسەفەی زمان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ١، ل١٧١، ساڵ ٢٠٢٤.

(٣) حسێن لەتیف، عەقڵی شیعری، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ساڵ ٢٠٢١.

(٤) محەمەد کەمال، فەلسەفەی زمان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ١، ل١٣، ساڵ ٢٠٢٤.

(٥) هـ.س.پ.ل١٦٢.

(٦) مارتن هایدغر، ت: د. ابوالعید دود، اصل العمل الفني، منشورات الجمل، ٢٠٠٣.